# پیاوێک لە خۆم ... حەمەکاکەڕەش

سوید

ئەستەمە بتوانی
وەک چۆن بڕژێیتە تابلۆیەکەوە
ئاوا لە خۆت بڕوانی
ئەم هەموو دژە چییە لە تۆدا کۆبوونەتەوە
ئەم هەموو باڵندەیە چییە لە تۆدا
هەر یەکەو بە ئاوازێك ئەخوێنن
هەر یەکەو بەئاراستەیەك ئەفڕن
هەر یەکەو بەڕەنگێك شت ئەنووسن
ئەم هەموو ڕێگایە چییە لە تۆدا
هەر ڕێگاو ئەتبەنەوە بۆ شارێکی خەیاڵ
هەر ڕێگاو ئەتبەنەوە بۆ مەنزڵێکی بەتاڵ
ئەم هەموو دەرگایە چییە لە تۆدا
دەرگایەك بەڕوی گوڵدا ئەکرێتەوە
دەرگایەك بەڕوی گوماندا
دەرگایەك بەڕوی گریاندا
ئەم هەموو پەنجەرەیە چییە لەتۆدا
پەنجەرەیەك بۆباخچە ئەڕوانێ و
پەنجەرەیەك بۆ سەرگەردانی
ئەم هەموو ئاسمانە چییە لە تۆدا
ئاسمانێك سەوزەگیا و
ئاسمانێك سێبەر
ئاسمانێك پەشیمانی
ئەم هەموو دەریایە چییە لە تۆدا
دەریایەك تریفە و
دەریایەك سادەیی و
دەریایەك شپرزەبوون
ئەم هەموو باخچەیە چییە لە تۆدا
باخچەیەك هەڵوەرین و
باخچەیەك ئاگر
ئەم هەموو کۆڵانە چییە لە تۆدا
کۆڵانێك نیگەرانی
کۆڵانێك مناڵ
کۆڵانێك تەنیایی
کۆڵانێك کۆتر
کۆڵانێك ناڵەناڵ
ئەم هەموو عەشقە

چییە لە تۆدا
عەشقێك بۆژن
عەشقێك بۆ مەستی
عەشقێك بۆ ژیان
عەشقێك بۆ پەستی
ئەم هەموو شەڕە چییە لە تۆدا
شەڕی قەدەر و
شەڕی نەگبەتی و
شەڕی بەرەڵایی
ئەم هەموو حەزە چییە لە تۆدا
حەزێك بۆ فڕین
حەزێك بۆ مردن
حەزێك بۆ ڕژان
حەزێك بۆ گریان
ئەم هەموو ئاوێنەیە چییە لە تۆدا
لەئاوێنەیەکدا باران دەبارێ و
لە ئاوێنەیەکدا ئاگر دەکەوێتەوە و
لە ئاوێنەیەکدا بیابان دەبینی و
لە ئاوێنەیەکدا جوان دە بیتەوە
ئەم هەموو ئەستێرەیە چییە لەتۆدا
ئەستێرەیەك منالّی و
ئەستێرەیەك یادگاری و
ئەستێرەیەك نا ئومێدی و
ئەستێرەیەك کالّ فامی
ئەم هەموو خەیالّە چییە لە تۆدا
خەیالّی تەڕبوون بە بەرد
خەیالّی سووتان بە ئاو
خەیالّی شکان بە ژن
ئەم هەموو سەفەرە چییە لە تۆدا
سەفەری باخچە
سەفەری دەریا
سەفەری ژن
سەفەری ئاسمان
ئەم هەموو یادگاری یە چییە لە تۆدا
یادگاری باران
یادگاری با
یادگاری منالّی
یادگاری چۆلەکەکان
یادگاری وێنە

یادگاری ڕێگا
یادگاری کتێب
ئەم هەموو بەفرە چییە لە تۆدا
بەفری تووڕەیی
بەفری خەمباری
بەفری چاوەڕوانی
ئەم هەموو پردە چییە لە تۆدا
پردی پەپوولەکان
پردی هەناسەکان
پردی دەستەکان
ئەم هەموو دژە چییە لە تۆدا
لایەکت تاریکی و
لایەکت هەتاوە
لایەکت منالّی
لایەکت پیرییە
لایەکت بەستەلّەك
لایەکت سووتاوە
لایەکت گەمژەیی و
لایەکت ژیری یە
لایەکت پەپوولە
لایەکت جەلادە
لایەکت جوانیە و
لایەکت وێرانە
لایەکت ئاگر و
لایەکت بارانە
لایەکت بەرد و
لایەکت ئاوە
لایەکت بەختیاری
لایەکت شکاوە
لایەکت مردن و
لایەکت ژیانە
لایەکت دابڕان
لایەکت ژووانە
لایەکت ڕاستکۆیی و
لایەکت درۆیە
لایەکت خۆلّەمێش
لایەکت پشکۆیە
لایەکت دەریایەو
لایەکت بیابانە

لایەکت پێکەنین
لایەکت خامۆشی
لایەکت زریانە
لایەکت دەڕواو
لایەکت نووستووە
لایەکت دەژێ و
لایەکت مردووە

2003